هێزێک لەهەوڵەر سیپان ئامێدی رفاندوە و بڕۆ شوێنێکی نادیاریان بردوە

فراکسیۆنی نێوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، ئەمە لە پارێزگای دهۆک هێزێکی پارتی سیپان ئامێدی، پەرلەمانتاری بزوتنەوەکەیان "رفاندوە و بڕۆ شوێنێکی نادیاریان بردوە".

فراکسیۆنی نێوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، "ئەمە لە پارێزگای دهۆک هێزێکی پارتی سیپان ئامێدی، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی نێوەی نوێیان رفاندوە و بڕۆ شوێنێکی نادیاریان بردوە، ئەو کارە چەتەگەرییەی پارتی پاش قسەکانی ئەو پەرلەمانتارە دەت لەسەر مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی کە پرسیار دەکات ئایا ژیانی ئەو و پەشمەرگەیەک وەک یەکە؟".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئەو ڕەفتارەی پارتی کارەکی مافیاگەرییە کە پەرلەمانتار برفێندرێت، هەروەها مەسعود بارزانی نەک شایەنی ئەو ڕەخنانەیە کە (سیپان ئامێدی) لەی گرتوە، بەڵکو ئەوەتای هەیە خۆی و بنەماڵەکەی مایەی نەگبەتی میللەتی کورد و نەهامەتیەکانی خەڵکن و گەلی کورد و خەڵکی کوردستانیان بەم ڕەژە گەیاندوە".